# Microsoft Excel

**Win 7 – Word 2010 – Excel 2010**

**2015**

## Lesson 1

**Prepared By:**


**Mahdi Hadi Sulayman**

## 1ـ کردنەوەی بەرنامەکە :

بۆ کردنەوەی بەرنامەی ئیکسڵ چەندین ڕێگا هەیە لێرەدا ئێمە ئەم ڕێگایە باس دەکەین

سەرەتا دەچیە شریتی تاسك بار لە وێش لەسەر بووتونی کلیك دەکەین

دواى ئەوە **All program** دواى ئەوەش فۆڵدەرى **Microsoft Office** وەك لەوێنەکە دیارە بەرنامەکە دەدۆزیەوە




## 2- چۆنیەتی دروست کردنی خشتەیەك

بەرنامەی ئیکسڵ بەیەکێ لە گەورەترین بەرنامەکانی جیهان دادەنرێت لە بواری دروستکردنی خشتەدا لێرە باس لەوە دەکەین چۆن خشتەیەکی ناوی قوتابیان دروست بکەین بە شێوەیەکی نمونەی. سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە دوای کردنەوەی بەرنامەکە ئەگەر خشتەکەمان بە زمانی ئینگلیزی بوو خۆی بەرنامەکە خۆکارانە لەلای چەپەوە هێمای ماوسەکەی داناوە، بەڵام ئەگەر ویستمان خشتەکەمان بە زمانی کوردی یان عربی بێت ئەوە دەچینە شریتی **Page layout** لەوێش بووتونی




کلیك دەکەین دەبینین راستەوخۆ هێمای ماوسەکەی برد بۆ لای راست .

دوای ئەوە گشت خانەکان (تحدید) دەکەین بەهەردوو دووگمەی کیبۆرد **Ctrl+A** یانیش لەسەرەوەی کۆلۆمەکان لەم چوارچێوەی لەسەرەوەی ژمارە یەکی کۆلۆمەکانە بەهێمای ماوس کلیك دەکەین بەهەمان شێوە دەبینین گشت خانەکان تحدید بوونە



دواى تحديد بوونى گشت خانەكان هەڵدەستين بە زەبت كردنى ناو خانەكان ئەويش بە پێدانى حەجمێك بۆ فۆنتەكەمان وە فۆنتێكى كوردى ئەمەش لە رێگەى شريتى **Home** دەستكارى **Font** و **Font size** دەكەين وەك لەوێنەكە ديارە




وە دواى ئەمەش لە ئەليگمێنتەكان كليك لەسەر بووتونى **Center** دەكەى بۆ ئەوەى نووسينەكان لە ناوەراستى خانەكان بنوسرێت




**تێبينى //** لە خوارەوە لە شريتى تاسك بار فۆنۆتێكشنى زمان دەكەيە عەرەبى .

ئينجا دەست دەكەين بە نووسينى ناو خانەكان بۆ نمونە ئێمە لەو خشتەى مەبەستمانە كە ناوى قوتابيان بنوسين لە حەقلى يەكەم ژمارە دەدەنێين وە دواتر لە حەقلى دووەم ناوى سيانى وە لە حەقلى سێيەم قۆناغى خوێندنى يان پۆل

| | C | B | A |
|---|---|---|---|
| 1 | پۆل | ناوى سيانى | ژ |
| 2 | حەوتەم | ئاوارە محمد ابوبكر | 1 |
| 3 | نۆيەم | شيرزاد صالح توفيق | |
| 4 | دەيەم | منيرە رحمان فقى | |
| 5 | هەشتەم | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | |
| 6 | حەوتەم | ئەهلە بايەزيد عمر | |
| 7 | نۆيەم | نجم الدين احمد فەقێ | |

دوای ئەوەی کە ناوی قوتابیانمان نووسی لە خشتەکە لەگەل ناونیشانی پۆلیان وەك سەرەتایەك لە خشتە بە شێوەیەکی باش رۆیشتووین تەنها ئەوە ماوە کە هەندێ جوانکاری بە خشتەکەمان بدەین لەمانەش :

**1- ناوەرۆکی خشتە فۆنتی جیاواز بێت لەگەل سەردێری خشتە :**

بۆ ئەم مەبەستە تحدیدی خانەکانی ناوەرۆکی خشتەکەمان دەکەین جگە لە خانەکانی سەرەوە وەك لە وێنەکە دیارە

| C | B | A | |
|---|---|---|---|
| پۆل | ناوی سیانی | ژ | 1 |
| حەوتەم | ئاوارە محمد ابوبکر | 1 | 2 |
| نۆیەم | شیرزاد صالح توفیق | | 3 |
| دەیەم | منیرە رحمان فقی | | 4 |
| هەشتەم | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | | 5 |
| حەوتەم | ئەهلە بایەزید عمر | | 6 |
| نۆیەم | نجم الدین احمد فەقێ | | 7 |

ئینجا چۆن لە پێشتر باسمان کرد فۆنتێك هەڵدەبژێری کە گونجاو بێت لەگەڵ فۆنتی سەرەوەی بۆنمونە ئێمە حەقلی سەردێرەکان بە فۆنتی **ALI_K_SAMIK** مان نووسیوە ناوەرۆکەکەشی دەکەینە **ALI_K_ALWAND** بەم شێوەیەی لێدێت

| پۆل | ناوی سیانی | ژ |
|---|---|---|
| حەوتەم | ئاوارە محمد ابوبکر | 1 |
| نۆیەم | شیرزاد صالح توفیق | |
| دەیەم | منیرە رحمان فقی | |
| هەشتەم | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | |
| حەوتەم | ئەهلە بایەزید عمر | |
| نۆیەم | نجم الدین احمد فەقێ | |


## 2- دانانی ژمارەکان بە شێوەیەکی تۆماتیکی :

لەخوارەوەی حەقلی ژ   ژمارە 1 بنووسە دواتر دەست بنێ بە دووگمەی **Ctrl** لەسەر کیبۆرد دەست هەڵمەگرە لە هەمان کات بە ماوسیش کلیك بکە لە خوارەوەی چوارچێوەی ژمارە 1 ئینجا رایکێشە بۆ خوارەوە، ژمارەکان خۆکارانە بە دوای یەکدا دێن .

## 3- باگراوندی خانەکانی سەرەوە رەنگێکی پێبدرێت :


بۆ ئەوەی ناوەرۆکی خشتەکەمان تێکەڵ بە سەردێری خشتەکە نەبێت واباشە باگراوندی خانەکانی سەردێری خشتەکە بە رەنگێك رەنگ بکەین بۆ ئەم مەبەستە ئێمە رەنگی رەصاصیەکی کاڵ دەدەین بە باگراوندەکە بۆ ئەوەی ئەگەر پرێنتیش بکرێت بە پرێنتی رەش و سپی ئەم رەنگە دەربچێت بە هەمان شێوە خانەکانی ژمارەکانیش رەنگ دەکەین بۆ ئەوەی بارز بێت .

بۆ ئەم مەبەستە خانەکانی سەرەوە تحدید دەکەین بەماوس ئینجا کلیکی بوتوونی **FILL COLOR** دەکەین رەنگەکە هەڵدەبژێرین





وەك لە وێنەکە دیارە سەرەوەی خشتەکە باگراوندیکی رەصاصی کاڵ مان پێداوە دوای ئەوەش بەهەمان شێوە ئەم باگراوندە دەدەینە خانەی ژمارەکان .

## 4- پێدانی چوارچێوە بە خانەکان :




بۆ ئەوەی خانەکانی خشتە تێکەڵ بە یەك نەبن هەڵدەستین بە پێدانی چوارچێوەبە خانەکان بۆ ئەم مەبەستە خانەکان تحدید دەکەین ئینجا کلیکی لای ڕاست دەکەین لەسەری لەو لیستەی بۆمان دەبێتەوە کلیکی هەڵبژاردەی **Format Cells** دەکەین

ئینجا ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کەلەچەند بەشێك پێکهاتووە ئێمە دەچینە پەنجەرەی **Border** خانەکانی **Inside** و **Out line** تحدید دەکەین و لە خوارەوەش کلیکی **OK** دەکەین دەبینین خانەکان چوارچێوەیەن پێدرا.




خشتەکەان جوانتر بوو لە جارەکانی پێشوو تر وەك لە وێنەکە دیارە

| ژ | ناوی سیانی | پۆل |
|---|---|---|
| 1 | ئاوارە محمد ابوبکر | حەوتەم |
| 2 | شیرزاد صالح توفیق | نۆیەم |
| 3 | منیرە رحمان فقی | دەیەم |
| 4 | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | هەشتەم |
| 5 | نەهلە بایەزید عمر | حەوتەم |
| 6 | نجم الدین احمد فەقێ | نۆیەم |

## 3- چۆن بە دواى ناوێك دەگەڕێ ى لە خشتەكەتدا :

دواى ئەوەى خشتەكەمان تەواو كرد ئەگەر بمانەوێت بە دواى ناوێك بگەڕێین وە بە خێرایی بیدۆزینەوە ئەوە كلیك دەكەى لەسەر هەردوو دووگمەى كیبۆرد **Ctrl + F**

ویندۆیەك دەبێتەوە ناوەكە دەنوسیى دواتر لەسەر كیبۆرد دەست دەنێ ى بە دووگمەى ئینتەر **(Enter)** یەكسەر ناوەكەت بۆ دەدۆزێتەوە .




دەبینین یەكسەر ناوەكەى بۆمان دۆزیەوە.

## 4- بینینەوەى ناوى دووبارە لە ناو خشتەكەمان :

زۆر جار لە كاتى دروست كردنى خشتەیەكى گەورە كەلە چەند هەزار ناوێك پێكهاتووە پێویست دەكات چەند كەسێك لەسەر ئەم خشتەیە كار بكەن بۆ ئەوەى كارەكە بە خێرایی تەواو بكرێت وە هیچ كارێكیش بە بێ كەم و كورى نابێت رەنگە جار وایە ئەو ناوەى تۆ نووسیوتە كەسیكى تریش كەلەسەر ئەم خشتەیە كار دەكات هەمان ناوى دووبارە نوسیبێتەوە بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەى ئیكسڵ


دەتوانێت هەموو ئەو ناوە دووبارانە دەربێنێت لە خشتەکەدا وە هێمایەکی (ڕەنگێکی پەمەیی) دەدا بە باگراوندی خانەی ناوە دووبارەکان .

بۆ ئەم مەبەستە خانەکانی ناو لە لیستەکە تحدید دەکەین بەم شێوەیە

| C | B | A | |
|---|---|---|---|
| پۆل | ناوی سیانی | ژ | 1 |
| حەوتەم | ئاوارە محمد ابوبكر | 1 | 2 |
| نۆیەم | شیرزاد صالح توفيق | 2 | 3 |
| دەیەم | منيرە رحمان فقی | 3 | 4 |
| هەشتەم | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | 4 | 5 |
| حەوتەم | نەهلە بایەزید عمر | 5 | 6 |
| نۆیەم | نجم الدين احمد فەقێ | 6 | 7 |

کە هێمای ماوسەکە ببەینە سەر حرفی **B** یەکسەر خانەکان بۆ خوارەوە هەمووی تحدید دەکات .

دوای ئەوە لە شریتی **Home** وە دەچینە سەر **Conditional formatting** لەوێش لەو قائیمەی لێیدەبێتەوە هەڵبژاردەی **Highlight cells Rules** وەلەو قائیمەی لەوبەشەش دەبێتەوە دەچینە سەر هەڵبژاردەی **Duplicate values** دەبینین ناوە دووبارەکان بە ڕەنگێکی پەمەیی باگراوندەکەی بە دیاردەکەوێت .




لەم وێنەش سەیر بکە چون ناوی دلشاد کە دوبارەیە بەدیار کەوت

| ژ | ناوی سیانی | پۆل |
|---|---|---|
| 1 | ئاوارە محمد ابوبکر | حەوتەم |
| 2 | شیرزاد صالح توفیق | نۆیەم |
| 3 | منیرە رحمان فقێ | دەیەم |
| 4 | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | هەشتەم |
| 5 | نەهلە بایەزید عمر | حەوتەم |
| 6 | نجم الدين احمد فەقێ | نۆیەم |
| 7 | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | هەشتەم |

## 5- زیادكردنی خانەكانی باری ئاسۆی و ستونی (العمودی والافقی):


زۆر جار وا رێك دەكەوێت دوای تەواو بوونی خشتە ریزێكی تری خشتە زیاددەكرێت بۆ نمونە ئێمە خشتەكەمان پێكهاتبوو لە ژمارە و ناوی سیانی و پۆل دواتر وا پێویست دەكات لە باری ئاسۆی بەشێكی تر دروست بكەین بە ناوی تەمەن بۆ ئەم مەبەستە كلیك ی لای راست دەكەین لەسەر خشتەكە لەو شوێنەی كەمەبەستمانە بەشەكەی بۆ زیاد بكەین ئینجا هەڵبژاردەی **Insert** كلیك دەكەین دەبینین یەكسەر خانەیەك لە بەینی ناوی سیانی و پۆڵ زیاد دەبێت




بەهەمان شێوەی باری ئاسۆی (العمودی) دەتوانین لە باری ستونیش (الافقی) خانە زیاد بكەین ئەوكات دێیە سەر ژمارەكان لە هەر شوێنێك ویستت وەك ئەوەی باری ئاسۆی دەتوانی زیادی بكەی .

## 6- دەمج كردنی خانەكان :

زۆر جار وا پێویست دەكات بۆ ناونیشانی خشتە لەسەرەوە چەند خانەیەك بكەین بە یەك خانە بۆ ئەوەی ناونیشانێكی بۆ بنووسین بۆ نمونە ئێمە دوای تەواو بوونی خشتەكەمان تا ئێستا لەسەرەوە نەمان نووسیوە خشتەی ناوی قوتابیان بۆ ئەم مەبەستە وەك باسم كرد لەسەرەوە خانەكان لە باری ئاسۆی زیاد دەكەین وە دواتر ئەو خانانەی مەبەستمانە بیان كەین بەیەك خانە تحدید یان دەكەین بە ماوس ئینجا كلیك دەكەین لەسەر بووتونی **Merge & Center** لەبەشی **Home**





دەبینین خانەكان دەكات بەیەك خانە ئێمەش لەناویا دەنوسین خشتەی ناوی قوتابیان

| خشتەی ناوی قوتابیان | | |
|---|---|---|
| پۆل | ناوی سیانی | ژ |
| حەوتەم | ئاوارە محمد ابوبكر | 1 |
| نۆیەم | شیرزاد صالح توفیق | 2 |
| دەیەم | منیرە رحمان فقی | 3 |
| هەشتەم | دلشاد ئەحمەد عبدالرزاق | 4 |
| حەوتەم | نەهلە بایەزید عمر | 5 |
| نۆیەم | نجم الدین احمد فەقێ | 6 |


## 7- ریزکردنی ناوەکان بە شێوەی حروفی ابجدی :

وا پێویست دەکات ئەو ناوانەی لە ناو خشتەکاندایە بە شێوەی حروفی ابجدی ریك بخرێت بەو مانایەی لە حرفی الف وە بۆ الیاء . بۆ ئەم مەبەستە کلیکی خانەی ناوەکان دەکەین یانی تحدید یان دەکەین دواى ئەوە هەر لە شریتی **Home** لە بووتونی **Sort & Filter**




کلیکی یەکەم هەڵبژاردەی دەکەین کە نووسراوە **Sort A to Z**

پەیامێکت بۆ دێت تۆ تەنها **Sort** دابگرە یەکسەر خشتەکەمان بۆ ریك دێخێت بە شێوەی حروفی ابجدی




سەیری خشتەکە بکە ناوەکانی چۆن ریك خست

| خشتەی ناوی قوتابیان | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی سیانی | پۆل |
| 4 | ابراهیم احمد محمود | هەشتەم |
| 2 | بهجت رمزا حمه توفیق | نۆیەم |
| 3 | منیرە رحمان فقی | دەیەم |
| 5 | نەهە بایەزید عمر | حەوتەم |
| 6 | نجم الدین احمد فەقێ | نۆیەم |
| 1 | ئاوارە محمد ابوبکر | حەوتەم |


**تێبینی** // لە زمانی کوردی کاتێك ئەم کردارە دەکەی پیتەکانی (ڤ ، چ ، گ ، ژ ، ۆ)

دەچتە شوێنی پیتە عەرەبیەکان ی کەلەسەر کیبۆرد شوێنی ئەو پیتانەی گرتۆتەوە .

## 8- کرداری فلتەر :


فلتەر کردارێکە لە بەرنامەی ئیکسڵ بەکاردێت لەناو خشتەدا ئەگەر هاتوو ویستمان لە خشتەکە بابەتێك یان شارێك یان تەمەنێك هتد ، بەدیارکەوێت بە جیا

بۆ نمونە ئێمە لیستی ناوی قوتابیانمان هەیە 4 پارێزگا (هەولێر – دهۆك – سلێمانی – هەڵەبجە) کاتێ تۆ فلتەری بۆ دادەنێ ی لەو کاتە ئەگەر پارێزگای هەولێرت هەڵبژارد تەنها ناوی ئەو قوتابیانەت پێدەدا کە لە شاری هەولێرن




بۆ ئەم کردارەش سەرەتا خانەی سەرەوەی خشتەکەمان تحدید دەکەین دواى ئەوە هەر لە شریتى **Home** لە بووتونى **Sort & Filter** کلیك ی **Filter** دەکەین

دەبینین سەهمێك لەسەر خانەکان زیاد دەبێت. کاتێ کلیکی لەسەر دەکەی دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی وەك ئەوەی لە وێنەکە دیارە ئێمە تەنها پارێزگای هەولێر هەڵدەبژێرین لە خشتەکە تەنها ناوی ئەو قوتابیانەمان نیشان دەدا کەلە پارێزگای هەولێرن.



## 9- کرداره ژمێریاریەکانی بەرنامەی ئێکسڵ :

## SUM

ئەم فەنکشنە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ژمارەکان بەشێوەی ئاسایی یاخود مەرجی یاخود کۆکردنەوەی توانی ژمارەکان .

ئەگەر ستونی داهات بەگشتی و بەشێوەیەکی ئاسایی کۆ بکەینەوە لە خانەیەکی بەتاڵ دەنووسین دواتر ئینتەر دەکەین دەبینین ژمارەکانی بۆمان کۆکردیتەوە .

=Sum(C2:C6)

مانای ئەوەیە ئەو ژمارانەی کەلە خانەی **C2** وە دەست پێدەکات و وە لە **C6** کۆتایی پێدێت ، بۆمان کۆبکاتەوە .
هەر لەهەمان وێنەدا ئەگەر بمانەوێت تەنها داهاتی ساڵی (**2011**) کۆبکەینەوە ئەوا لێرەدا فرمانی (**Sumif**) بەکاردەهێنین بەم شێوەیە ستونێك دروست ئەکەین بۆ ئەوەی بەروارەکان بکەین بە ساڵ واتە (**2011-1-1**) بکەین بە (**2011**) ئەویش بەبەکارهێنانی ئەم یاسایە:

=SUMIF(A2:A6,2011,C2:C6)

| | F | E | D | C | B | A |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | بڕی داهات | بەروار | ساڵ |
| 2 | | | | 9 | 2011-01-02 | 2011 |
| 3 | | | | 8 | 2010-01-04 | 2010 |
| 4 | | | | 5 | 2012-05-09 | 2012 |
| 5 | | | | 2 | 2011-04-05 | 2011 |
| 6 | | | | 1 | 2011-09-09 | 2011 |
| 7 | | | | | | |
| 8 | | | | | | |
| 9 | | | | | | |
| 10 | | 12 | 2011 | کۆی داهاتی ساڵی | | |
| 11 | | | | | | |
| 12 | | | | | | |

## 10-کرداری IF بۆ پلەی بەراورد :

ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پلەی بەراورد بۆ نمونە : ئەگەر خشتەیەکمان هەبێت کە تیایدا نمرەی خوێندکارانی تیادا تۆمارکرابێت وە بمانەوێت ئەنجامی خوێندکارەکە دیاری بکەین بە دەرچوو یان دەرنەچوو ئەوا لە ڕێگەی ئەم فەرمانەوە دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین بەم شێوەیە :

نمونە :


خشتەکە ئامادە دەکەین بەم شێوەیە :

| | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ژ | ناوی سیانی | نمرەی کۆتایی | ئە نجام |
| 2 | 1 | محمد توفیق رسول | 96 | |
| 3 | 2 | شوان محمد احمد | 21 | |
| 4 | 3 | سیبور ابراهیم محمود | 51 | |

نیشانەی ماوس لە خانەی یەکەمی ستونی ئەنجام دا دەنێین، ئینجا کلیك دەکەین لەسەر لیستی **Formulas** لەوێش بووتونی **Insert Function** کلیك دەکەین




دەبینین پەنجەرەیەکمان بۆ دەبێتەوە تۆش هەڵبژاری **IF** هەڵبژێرە لەو پەنجەرەیەو وە دواتر کلیکی لەسەر **Ok** بکە




ئینجا پەنجەرەیەکی تر دەبێتەوە لە خانەی **Logical_test** دا مەرجەکە دەنووسین بەم شێوەیە **C2>=50** لەبەر ئەوەی لە ستونی **c** نمرەی کۆتایی هەیە بۆیە دەبێت ئەو دیاری بکەم بەڵام ئەگەر نمرەکان لە ستونێکی تر بوو ئەوە ئەو شوێنە دەنوسی ، وە لە خانەی **Value_if_true** دا دەنووسین دەرچووە وە لە خانەی **Value_if_False** دەنووسین دەرنەچووە لە کۆتایشدا بۆ بینینی ئەنجامەکان کلیکی **Ok** دەکەین لە خوارەوەی پەنجەرەکە .

تێبینی // بۆ نووسینی رەمزی **>** دەبێت لە خوارەوە فۆنۆتەیکشنی زمانی ئینگلیزی بێت و وە دواتر پەنجە بنێ ی بە هەردوو دوگمەکانی ز **+ Sheft** لەسەر کیبۆرد.




ئیستا ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئەنجامی نمرەی بە دەرچوو یان دەرنەچوو تەنها یەك کەسی بۆمان دەرهێنا

| ژ | ناوی سیانی | نمرەی کۆتایی | ئه نجام |
|---|---|---|---|
| 1 | محمد توفيق رسول | 96 | دەرچووە |
| 2 | شوان محمد احمد | 21 | |
| 3 | سيبور ابراهيم محمود | 51 | |

بۆ ئەوانی تر تەنها بەماوس لەسەر ئەنجامی یەکەم رایدەکێشین خۆکارانە ئەنجامەکە بۆ ئەوانی تریش دادەنێت .

| ژ | ناوی سیانی | نمرەی کۆتایی | ئه نجام |
|---|---|---|---|
| 1 | محمد توفيق رسول | 96 | دەرچووە |
| 2 | شوان محمد احمد | 21 | دەرنەچووە |
| 3 | سيبور ابراهيم محمود | 51 | دەرچووە |

ئینجا دوای ئەوە دەتوانین نمرەکانیش بە رەنگی سوور نیشان بدەین بۆ ئەوەی ئەگەر قوتابی چووە بۆ مالەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بە کەسە نزیکەکانی خۆێ نیشاندا بەلاَم خوێندەواریان نەبوو بەهۆی ئەم رەنگە سوورەوە ئەنجامەکە دەزانن بۆ ئەم کارەش

